# سندوقی دراوی نێودەوڵەتی،
# جیهانگیریی
# و
# بەرەنگاربوونەوە

نووسینی: کریس هەرمان
Chris Harman

## ناوەڕۆك


- پێشەکی
- پرسیار و وەڵام
- کارەساتی لیبراڵی نوێ ( نیو لیبراڵ )
- ئەزموونی سەرنەکەوتووی ڕۆژهەلآت
- مۆتەکەی ژینگە
- هیچ شتێك بە خۆڕایی نییە - تەنانەت چەك و یارمەتیش
- کێ لە پشت پەردەوە کارەکان دەبات بەڕێوە؟
- دەستی شاراوەی پشت سندوقی دراوی نێودەوڵەتی
- دەتوانین چی بکەین؟


## پێشەکی

**بزاڤێکی دژ بە سەرمایەداری لە گەشەکردن دایە بە ئامانجی ئەوەی بەر بەتێکدانی ژیانی ملیۆننان کەس لە سەرانسەری ئەم هەسارەیە بگرێت. ئەم بزاوتە مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوو**

له شاری "سیاتڵ" به شێوەیەکی زۆر کاریگەرییانه خۆی پیشاندا و پاشان له شوێنی ترو به دەیان هەزار کەس نارەزاییان دەربڕی و ، بەم کردارەیان سیاسەتەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی International Montary Fund و بانکی جیهانیWorld Bank و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی World Trade Organisation یان ئاشکراتر کرد. ئەم ڕێکخراوانه بۆیه کرانه ئامانج چونکه ڕیوشوێنی ئابووری و کۆمەلایەتی به سەر ولاتان دا دەسەپێنن که کاولبوون و داروخانیان لێدەکەوێتەوه.

ئەو زەبرەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی له خەڵکی ئاسیایی دەوەشێنێ مەسەلەیەکی زۆر ترسناکه.. ڕۆژانه نۆزده هەزار منالّ له ولاتانی تازه گەشەسەندوو (ولاتانی جیهانی سێهەم) دا دەمرن، چونکه ئەو برە پارەیەی که دەبێ له پاراستنی باری تەندروستی دا خەرج بکرێ، بۆ دانەوەی قەرز دادەنرێ. سندوقی دراو و بانکی جیهانی چاودێری جێبەجێکردنی ( پرۆگرامەکانی چاکسازی بونیادی ) دەکەن که ئەوەنده لێپرسراوه له مەرگی ئەو نۆزده هەزار منالّه تارادەی ئەوەی دەمی هەر منالێك لوولەی تفەنگێکی تێکرابێ و دەست به پەله پیتکەکەشیدا بنرێ.

ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی دەستی له مردنیشدا هەیه، چونکه یاسای به ڕواڵەت بێ تاوان به سەر وولاتاندا دەسەپێنێ سەبارەت به ( له بەرگرتنەوەی ژیرانه ). ئەمەش به واتای ئەوه دێت که ئەو ولاتانه ناتوانن خۆیان داوودەرمان دروست بکەن و به نرخێکی هەرزان به خەڵکی بفرۆشن. له باتی ئەمه دەبێ ( ڕێپێدان ) له کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانی ڕۆژئاواوه وەرگرن که نرخەکانی خەڵکانێکی زۆر پێیان نادرێ.

دەرەنجامیش ملیۆنان کەس له ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکای لاتین به هۆی ئەو نەخۆشییانەوه دەمرن که چارەسەرکردنیان هەیه، لەوانەش وەك نەخۆشییەکانی سیل، مەلاریا، کولێرا، HIV ی (ئایدز).

ئامانجی ئەم نامیلکەیه لەوەدایه پێمان بڵێت بۆچی پێویسته له دژی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی بزووتنەوەیەك ڕێکبخەین و هەروەها بەربەرەکانێی تەواوی سیستەمی سەرمایەداریش بکەین، که به ملیۆنان کەس دەکاته قوربانی قازانجەکانی خۆی.

## پرسیار و وەڵام

- ### سندوقی دراوی نێودەوڵەتی چی یە؟

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی هەردووکیان لە ساڵی 1944 دا دامەزران، بە مەبەستی گەشەپێدانی بازاری ئازاد و چاودێریکردنی ئابووری جیهانی بە شێوەیەك کە لە بەرژەوەندی وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان و بە تایبەتیش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بێت.

وڵاتان لە سندوقی بازرگانی جیهانی بە پێی قەبارەی ئابووری یان مافی دەنگدانیان هەیە نەك بە پێی پێویستی گەلەکەیان. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە 5% ی کۆی دانیشتوانی جیهانە کەچی لە 17% ی دەنگەکانی لە ناو IMF دا هەیە. هەر حەوت وڵاتی پیشەسازی ناسراو بە G7 یش کە خاوەنی 45% ی دەنگەکانن، بە ئاسانی دەتوانن بە پێی سیاسەتی خۆیان دەنگ بدەن ئەم ڕێکخراوە لە گەڵ بانکی جیهانی دا قازانجێکی گەلێ زیاتر وەردەگرن لەو برە پارەیەی کە بە قەرز داویانە بە وڵاتان.

- ### بانکی جیهانی چی یە؟

بانکی جیهانی قەرز دەبەخشێت بە پرۆژە ژێرخانی یەکانی وەك: ڕێگەوبان، بەنداو و وێستگەکانی وزە. هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە ئەم بانکە بە هاریکاری سندوقی دراوی نێودەوڵەتی قەرزی بە پرۆژە بونیادییەکانی چاکسازیی بەخشیوە. ئەم دوو ڕێکخراوە برِی ئەو قازانجەی لە بەرامبەر قەرزەکانی وەریدەگرێتەوە زیاترن لە برِی ئەزو قەرزانەی کە داویانە. زۆرینەی ئەو قەرزانەی ئێستا ئەم دوو ڕێکخراوەیە دەیدەن بە هەندێ لە دەوڵەتان هەر لەو قازانجەوە هاتووە کە لەو وڵاتانەکانیان وەرگرتەوە. لە نێوان ساڵانی 1980-1992 دا بانکی جیهانی و بانکی دراو لە پێشەوەی لیستی ئەو "وڵاتانە گەشەسەندوانەوە "دەهاتن کە قازانجی ئەو قەرزانەی وەریاندەگرت برِی 771,3 بلیۆن دۆلار بوو. لە سەرووی ئەوەشەوە 891 بلیۆن دۆلاریشیان وەرگرتۆتەوە.

لە ماوەیەدا هەژار ترین وڵات، زیاتر لە سێ جار برِی قەرزی ساڵی 1980 یان داوەتەوە، کەچی لە کۆتایشدا سێ ئەوەندەی یەکەمین جار قەرزار بووتەوە. هەر وەکو بارتن بریگزی Barton

Briggs بەرێوەبەری کۆمپانیای (مۆرگن ستانلی ) Morgan Stanley ی دراویی دەڵێ: " دوو سەد ملیۆن کەسی ئەمریکای لاتین دەهەی داهاتوو ئارەق لە بەردەم قرچەی هەتاودا دەڕێژن بۆ خاتری ئەوەی ( سیتیکۆرپ ) Citicop بتوانێ لە ماوەی ساڵێکدا دوو جار نرخی سوودەکانی خۆی بەرزبکاتەوە.

## • ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی WTO چی یە؟

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی 1995 دامەزرا بە مەبەستی سەپاندنی بازاری ئازاد لە سەرانسەری جیهاندا، کۆمیتەی داوەریی بازرگانی نێودەوڵەتی، کە ڕێکخراوەیەکی زۆر شاراوەیە، دەتوانێ گەمارۆ بە سەر هەر وڵاتێك دا بسەپێنێ کە مل بە داواکارییەکانی نادات.

## • پرۆگرامە بونیادییەکانی چاکسازی چین ؟

هیچ وڵاتێکی هەژار ناتوانێ قەرز لە سندوقی دراو یان بانکی جیهانی وەرگرێ تا مل بۆ پرۆگرامە بونیادییەکانی چاکسازی کەچ نەکات. ئەم چاکسازییانە ڕێگە دەکەنەوە لە بەردەم کۆمپانیا ترە رەگەزەکان و گۆڕینی کەرتی دەوڵەتی بۆ کەرتی تایبەت و نالەبار بوونی مافەکانی کرێکاران و کرێ ە هەلومەرجی کارو سەپاندنی بە سەر پێویستییە گشتیەکان دا، سەرنەکەوتن لە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانە دا بە واتای پەسەند نەکردنی دانی قەرزە لە لایەن سندوقەکەوە. ئەم سیاسەتانە بوونە هۆی سەپاندنی نرخ و کرێ بە سەر کەرتی تەندورستی و فێرکردندا، سەدان هەزار کەسی ناچار کرد بەوەی لە سەر کارەکانیان دەرکرێن و پیشەسازی خۆجێیەتیش بپووکێتەوە. هەروەها ئەم سیاسەتانە ڕێیان خۆشکرد بۆ دابەزینی ئاستی چاودێری تەندورستی و بەرزبوونەوەی ڕادەی مردنی پێگەیشتوان لە ئاستێکی بەرفراوانی وڵاتانی جیهانی سێیەم دا. خەستاخانە گشتی و تیمارگەکانی نیمچە بیابانەکانی ئەفریقیا و بەشێك لە ئەمریکای لاتین و ئاسیا بوونە ناوەندێك بۆ گەشەسەندنی نەخۆشیەکان.لەوەتەی سندوقی دراو سیاسەتە چاکسازییەکانی خۆی لە ساڵی 1990 وە لەزیمبابۆی سەپاندوە،ڕێژەی سەدیی خەرجی تەندورستی بۆ هەر تاکێك بەرێژەی سێ – یەك دابەزیوە.

کەمکردنەوەی خزمەتگوزاریی تەندروستی، کە سندقی ناوبراو هۆکاریەتی، وایکردوە کە ئایدز بە شێوەیەکی ترسناك زۆربەی وڵاتانی ئەفریقیا بگرێتەوە، خوێندن لە زۆرێك لەوڵاتانی قەرزاردا تەنیا بۆ ژمارەیەکی کەم دەستەبەرە، ئەویش بە هۆی ناچارکردنی خوێندنگاکان بەوەی کرێ بسێنن، کە ئەویش دیسانەوە هەر لە لایەن سندوقی دراووە سەپێنراوە، هەروەها لەوەتەی سیاسەتەکانی سندوقی دراو سەپێنراوە. کرێیی ڕاستەقینەش لە زۆربەی وڵاتانە ئەفریقیەکاندا

بۆ ئاستی 60 – 50 دابەزیوە. پرۆگرامە بونیادییەکانی چاکسازی ئەوەندە نامۆن، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ناوی ( کەمکردنەوەی هەژاری و ئاسانکاریەکانی گەشەسەندنی ) لێ ناون.

## لە لایەن خاوەن بانکەکانەوە برسیکراون

ڕێکخراوی خێرخوازی OXFAM پێیوایە کە 10 ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهان دا ڕووبەڕووی کەمخۆراکییەکی سەخت بوونەتەوە. قەیرانی هەرە گەورەش لە ( چیای ئەفریقیا ) دایە کە هەردوو وڵاتی ئەسیوپیا و ئەریتریا دەگرێتەوە. لێتوێژینەوەیەکی ساڵی 1999 لە چیای ئەفریقیای ئەوەی نیشان دا کە :

- نیوەی دانیشتوانی ڕۆژانە بە کەمتر لە 66 پێنس دەژین.
- لە کۆی 10 کەس، نزیکەی حەوت کەس بە دەست بەد خۆراکییەوە دەناڵێنن.
- لە سێ بەش، دوو بەشی دانیشتوانەکەی توانای نووسین و خوێندنەوەیان نی یە.
- نیوەی ئەو منالانەی کە تەمەنیان لە ژێر 5 ساڵانەوەیە، کێشیان لە خوار ئاستی پێویستیدایە و ساڵانە نزیکەی 500 هەزاریان لێ دەمرن.
- ئەسیوپیا هەفتانە 1,2 ملیۆن پاوەند بۆ خاوەن بانکەکان دەنێرێ، وەك ڕاپەراندنی ئەرکی ئەو 10 بلیۆن پاوەندەی قەرزارە.

دوای ئەوەی لێتوێژینەوەیەك لە سەر 76 وڵات ئەنجام درا کە ( بەرنامە بونیادییەکانی چاکسازی ) سندوقی دراو جێبەجێ دەکەن، دەرکەوت کە تەنیا چوار وڵاتیان توانیویانە بە شێوەیەکی گونجاو پرۆسە ئابووریەکانیان بگەیەننە شوێنی مەبەست.

لە ئەمریکای لاتین، ڕاپەراندنی ئەرکی قەرزەکان لە هەشتاکاندا بووە هۆی لە دەستدانی سێ – یەکی دەستکەوتی هەناردەکان. لە کاتێك دا زۆر لەو وڵاتانە لە کۆتایی هەمان دەیەدا زیاتر

قەرزدار بوون وەك لە سەرەتای دەیەكەدا. ئێستا ئاستی بژێوی زیاتر لە 40 ملیۆن كەس، واتە 20% ی دانیشتوان لە خوار هێڵی هەژاریەوەیە.

## • قەرزەكانی فریاكەوتن چین كە بەڵێنیان پێدراوە ؟

" قەرزەكانی فریاكەوتن بەرێوەن " ، بەم شێوەیە زۆربەی میدیاكانی جیهان لە پاش كۆبوونەوەی كۆمەڵەی وڵاتە پیشەسازییەكان، كە بە G8 ناسراون، لە حوزەیرانی ساڵی 1999 باسیان لێوە كرد. لە راستیدا G8 بەڵێنی دابوو بەوەی كە ئەو قەرزانە بداتەوە، بەوەش وەڵامی هەڵمەتی گەورەی دژ بە قەرزیان دابۆوە كە ڕێكخراوێكی وەك Jubilea 2000 یش تێیدا بەشدار بوو. لە بەریتانیا وەزیری دارایی ( گۆردان براون) Gordon Brown وەك پاڵەوانێكی پاراستنی قەرزەكانی فریاكەوتن ناسێنرا. تەنانەت Jubilea 2000 یش دەست خۆشی خۆی لە G8 كرد لە بردنەسەری بەڵێنەكەیان، بەڵام قەرزەكانی فریاكەتن تەنیا بە چەند وڵاتێكی كەم دران. ئەمە لە كاتێكدا دانی قەرزەكانیش مەرجدارە بەوەی كە ئەو وڵاتانەمل بۆ مەرجەكانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانكی جیهانی بدەن. هەر دوای ساڵێك ئیدی هیچ وڵاتێكی تر پولێكیشی لەو قەرزە بەڵێن دراوانە وەرنەگرت.

زەی ئارلیۆ Zie Arlyo ی سەر بە تۆڕی قەرزیی ئۆگەندی روونیكردۆوە كە " دەسپێشخەریی قەرزی فریاكەوتن بۆتە یەكێك لە سكاندالەكانی سەدەی بیست و یەكەمین. ئەو قەرزە پڕ لە فێڵ و تەڵەكەیە ".

## • كارەساتی لیبراڵی نوێ (نیولیبراڵ)

ئەو سیاسەتە ئابوورییانەی لە لایەن هەریەك لە سندوقی دراو و بانكی جیهانییەوە دەسە پێنرێن، لە سەر كۆمەڵە بنەمایەك دارێژراون كە زیاتر بەنیولیبرالیزم ناسراون. كە ئەمەش درێژكراوی (مۆنیتەریزمی) حەفتاكانی سەدەی رابردوو و تاتچەریزم و ریگانیزمی هەشتاكانە.

بیرۆكەی سەرەكی نیولیبرالیزم بریتییە لەوەی كە پێویستە دەوڵەت دەست بكێشێتەوە لە لووتژەنینە كاروباری ئابوورییەوە. جگە لەمە نیولیبرالیزم باس لەوەش دەكات كە پێویستە دەوڵەت یارمەتیەكانی وەك خۆراك و سووتەمەنی و نیشتەجێكردن ڕاگرێ. پیشەسازییە خۆماڵیكراوەكان بكرێنەوە بە كەرتی تایبەت و ئەو باج و دەرامەتانەش كەم بكرێنەوە كە دەخرێنە سەر كۆمپانیاكان. ووڵاتە لاوازەكان (هەژارەكان)یش نابێ ڕێگە لە هاوردەكانی ووڵاتانی

خاوەن ئابووری بەهێز بگرن. کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان دەبێ دەست بە سەر پێدانی کارە خزمەتگوزاریەکانی وەك ئاو، تەندروستی و فێرکردن دا بگرن.

سەرباری هەموو ئەمانەی باسکران، نیولیبرالیزم بانگەشەی ئەوە دەکات کە گوایە هەژارترین وولاتیش دەتوانێ سەرمایەی بیانی بخاتە گەڕو لەو ڕێگەیەشەوە گەشەسەندنی ئابووری پێك دێ. پاشان دەڵێن کە ئەو وولاتە دەتوانێ قەرزەکانی بداتەوە ئەویش ئەو کاتەی کە لە ڕووی پیشەسازییەوە گەشەی کرد، ئەمە جگە لەوەی ئیش و کاریش لەو وولاتەدا زۆرتر دەبێت و هەموو کەسێکیش باشتر دەژی.

هەروەها نیولیبرالەکان دان بەوەشدا دەنێن کە لەوانەیە ئەم سیاسەتانە دەوڵەمەندەکان زیاتر دەوڵەمەند بکەن، بەلآم ئەم نرخێکە ئەوە دەهێنێ بدرێ، چونکە لە کۆتاییدا ئیش و کاری نوێ ڕێدەکاتەوە لە بەردەم گەشەسەندن دا.

نیولیبرالەکان دەڵێن کەوا پیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تر لە ئارادا نییە. لە حاڵێکدا ئێمە ئێستا لە چوارچێوەی ئابوورییەکی بەجیهانبووی ( گلۆبالیزەکراو ) دا دەژین، خۆ ئەگەر وولاتێك ( ئەگەرەکانی بەردەم بازرگانی) کەم نەکاتەوە، ئەوا کۆمپانیاکان بە ئاسانی هەموو شوێنێك دەتەنن و وولاتە هەژارەکان هەژارتر دەکەن.

ئابووریزانێکی وەك " ڕەحمان سوبحان" لە شیکردنەوەی ئەنجامی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی سندوقی دراو و بانکی جیهانی لە 76 وولآت دا ڕوونی دەکاتەوە کە لە چەند دەهەی ڕابردوو دا تەنیا چەند وولاتێکی کەم گەشەی ئابووری و دابەزینی ڕێژەی هەڵئاوسانیان بە خۆیانەوە دیوە. (چاکسازیەکان) تەنیا شتێکیان بە دیهێناوە ئەویش دەوڵەمەندتر کردنی دەوڵەمەندەکان و دڵنیاکردنی خاوەن بانکەکان بووە لە بە دەستهێنانی پارە و پولی مۆلیان. بەڵآم باری ژیانی زۆرینەی خەڵك بەرەو خراپتر ڕۆیشتووە.
تەنانەت " فلێمینگ لارسن"ی بەڕێوەبەری ئەورووپی سندوقی دراو لە میانەی گفتوگۆیەکی دا لە حوزەیرانی 2000 لە گەڵ " سۆزان جۆرج "دا ، دان بم ڕاستیەدا دەنێ ودەڵێ: "لە ڕاستیدا گەلێ لە وولاتە هەرە هەژارەکان لەم دوو دەیەی دواییدا پاشەکشەیان لێکردوە، من دەترسم لەوەی جیاوازی نێوان دەوڵەمەند و هەژاران ڕوو لە هەڵکشانی فرەتر بکات"

**لە هایتی:**

- سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی ڕێیان گرت لە حکومەت کە لانی کەمی کرێ بەرزکاتەوە.

## • نموونەی نیولیبرالیزم

ئابووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەکو ئەو نموونەیە چاوی لێدەکرێ کە لە لایەن هەموو وولاّتانی دیکەوە پەیڕەو بکرێ، هەر چەندە نیولیبرالیزم شتەکانی بەرەو باشتر نەبردووە. (چاکسازی ئابووری) بۆتە هۆی گەشەسەندن، بەلاّم بە ڕێژەیەکی خاوتر بە بەراورد لە گەلْ 30 سالْ لەمەوبەردا. لە هەمان کاتیشدا قازانجی ئەو گەشەسەندنە گەلێ فرەتر لە جاران بە نایەکسانی دابەش دەکرێ. لە دەیەکانی نێوان 1940 و سەرەتای 1970 دا داهاتی خێزانە ئەمریکیەکان دوو بەرامبەر زیادی کردووە.

لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە 1970 ، کە سیاسەتەکانی نیولیبرالیزم جێبەجێکران، لە 60% خێزانە ئەمریکییەکان هیچ زیادبونێکیان لە داهاتی ڕاستەقینەی بژێویان دا بە خۆوە نەدی.ئەمە لە کاتێکدا ڕێژەی کاژێر کاریان سالاّنە 160 کاژێر زیادی کردووە، کە دەکاتە مانگێکی خشت. ئێستا لە کۆی هەشت خێزانی ئەمریکی ، خێزانێك لە ژێر هێلّی هەژارییەوە دەژی و نزیکەی 45 ملیۆن کەسیش لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بێبەشن و ، لانی کەمی کرێی لە چاو سالّی 1968 بە ڕێژەی لە 22% کەمترە.

سالّی 1980 بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیا گەورەکان 42 ئەوەندەی کۆی دەسکەوتی کرێکاری کارگەکانیان وەرگرتووە. بە پێی ئاماری سالّی 1990، 85 جار زیاترو، سالّی 1998 ، (419) جار زیاتریان چنگ کەوتووە. لە بەریتانیاش هەمان وێنە لە بەر چاوە، بەلاّم نەك بەو زەقییە.

کاژێرکاری کرێکارانی بەریتانیا ئێستا لە هەموو وولاّتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا درێژترە و یەم لە سەر سێی تەواوی منالاّن لە مالاّنێك دا گەورە دەبن کە لە ژێر هێلی هەژاری دان.

## • ئەزموونی سەرنەکەوتووی ڕۆژهەلاّت

پاش هەرەسی ڕژێمە کۆنەکانی ڕۆژهەلاّتی ئەورووپا ساڵی 1989 –1991 ، بەڕێوەبەرانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی گەورەترین هەلیان بۆ بەدیهێنانی نیازەکانیان لەمەودایەکی فراوانی ئابووری جیهاندا، چنگ کەوت.

ئۆپۆزسیونی دیموکراسی کە تازە لەو وولاّتانەدا دەرکەوتبوون، بێ هیوا بوون لە دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ دەربازبوون لە ئاستی داتەپیوی گوزەران و ڕەوشی نالەبار. ئەمەو زۆر لە مۆنە سیاسە تمەدارو بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان وایان بە باش دەبینی سیاسەتی نوێ پیادە بکەن ئەگەر بە نیازن دەست لە بەرژەوەندییەکانییان هەڵنەگرن. ئەمانە هەموویان نوێنەرانی سندوقی دراو و بانکی جیهان و سیاسە تمەدارە نیولیبراڵەکان بە مەسیحی فریاکرەس دەزانی، کە بەڕێوەن بۆ ڕزگار کردنیان. بۆیە لە سەر شێوازی سندوقی دراو چاکسازی لە ڕووسیا و زۆر لە وولاّتانی ڕۆژهەلاّتی ئەوروپا جێبەجێکران، واتە لەو وولاّتانی سۆڤیەتی جاران.

ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا وای پیشان دەدا کە (موعجیزەی ئابووری) بەڕێوەیە، بەلاّم ئەوەی ڕوویدا تەواو پێچەوانەی ئەمە بوو. بەرهەمهێنان لە هەموو شوێنێك دابەزی. لە ڕووسیا کە گەورەترین وولاّت بوو ئەزمونی نیولیبرالیزمی تێدا جێبەجێکرا، ڕێژەی بەرهەم دابەزی بۆ نیو ئەوەندەی پێشتر. هەمان ڕووداو لە هەر یەك لە ئۆکرانیا، بولگاریا، ڕۆمانیا، ئەلبانیا، جۆرجیا، ئەرمینیا و ئازەربایینجانیش دووبارە بۆوە.

ئەم کارەساتە تەنیا بواری پیشەسازی نەگرتەوە، بەڵکو کەرتی کشتوکاڵیشی گیرۆدە کرد. ساڵی 1963 تەنیا ڕێگایەك مابۆوە کە لە بەردەم زۆربەی خێزانە لادێنشینەکان دا ، ئەوویش لە قوتوونانی بەشە خۆراکەکانیان بوو لە میوە و سەوزە بۆ بەڕێکردنی زستان. ژمارەی ئەو ڕووسانەی لە هەژاریدا دەژیان بۆ (60) ملیۆن کەس بەرزبۆوە.

نەخۆشی یەکی وەك (سیل) تەنانەت کۆلیراش وایان لێهات کە ببنە نەخۆشییەکی ئاسایی. ناوەندی تەمەن بۆ نێرینە لە 65 ساڵەوە دابەزی بۆ 57 ساڵ. دابەزینی لەم شێوەیەی تەنیا لە کاتی شەڕو کارەساتە سروشتیەکاندا تێبینی کراوە. سەرباری ئەمانەش بەرپرسی سندوقی دراو و بانکی جیهانی داننان نەبوو بە چارەسەریەکانیاندا – کە خۆشبەختانە –هەڵە بوون، بەڵکو

سووربوونیان بوو لە سەر جێبەجێکردنی هەرچی زیاتری هەمان ئەو چارەسەریانە. لەمەشدا لە دکتۆری سەدەکانی ناوەڕاست دەچوون لە بەکارهێنانی جۆرە کرمێکی خوێنمژدا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی، کاتێکیش سەرنەدەکەوتن زیاتر خوێنیان لێدەمژی تاکابرای نەخۆش دەمرد.

## • دۆزەخی کارگە ئارەق چۆڕێنەکان

ئەو ڕێسایانەی لە لایەن سندوقی دراو و بانکی جیهانەوە داسەپێنران، بوونە هۆی هێنانەکایەی هەلومەرجی سەختی کار. ئەو وولاّتانەی دەکەونە ژێر چنگیان، داوایان لێدەکەن کە ڕێژەی هەناردەیان فراوانتر بکەن، تا بە کورترین ماوە بتوانن سوودی قەرزەکانیان بدەنەوە. هەروەها هانیان دەدەن بۆ پێکهێنانی ناوچەی بازرگانی ئازاد، ك ئێستا شمەکەکانیانی تێدا کۆدەکەنەوە بە مەبەستی ساغکردنەوە و فرۆشتنیان.

کۆمپانیا نموونەییەکانی وولاّتانی وەك ئەندەنوسیا، تایلاند و سلڤادۆر کچان بۆ ماوەی 12 یان 14 کاژێر کارکردن بەکرێ دەگرن، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی کەلوپەل و پێلاّوی (نایك و گاپ و ئەدیاس).

هەروەها ئەو کۆمپانیانەشی کە لە ناو سنووری مەکسیك دا کەرەسە بنچینەیەکان بۆ کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان بەرهەم دەهێنن.

بە حکومەتەکان دەگوترێ، بۆ سەرنجڕاکێشانی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان پێویستە تا دوا ڕادە ڕێسا و ڕێوشوێنەکانتان کەمبکەنەوە. ئەمەش وا دەگەیەنێ کە هیچ سنوردانانێك نەمێنێ بۆ ماوەی کار پێکردنی خەڵك و ڕێگرتن لە کاری منالاّن، پۆلیس بەکاردێنن بۆ دووره پەرێزکردنی یەکێتیە پیشەییەکان. ڕێوشوێنی ئاگر کەوتنەوەش بە کەمی دەسە پێنرێن.

ئەوە شتێکی باوە بۆ ژنان کە لە هەمان شوێنی کاری خۆیاندا بخەون، هەرچەندە ئەمە گەلێ جار کارەساتی مردنی سەختی لێدەبێتەوە، کاتێ ئاگر دەکەوێتەوە. ئەو گازو دوکەڵەی کارگە سەرپێچیکەرەکان دەبرێژنە دەرەوە دەشێ ببنە هۆی باری پیسبوونی ژینگە کە لەڕادەی وولاّتە پیشەسازیەکانیش گەورەترە.

### ئێکوادۆر

دانەوەی قەرزی ئیکوادۆر لە ساڵی 2000 دا نیوەی بودجەی حکومەتی هەڵووشی. ساڵی 1999 هەر کەسێك هەفتانە بڕی 3 دۆلاری ئەمریکی قەرزیدەکەوێت، لە کاتێکدا نیوەی دانیشتوانەکەی، هەفتانە، بە کەمتر لە 2 دۆلار ژیان دەگوزەرێنن

## • مۆتەکەی ژینگە

ئاکامی ڕێوشوێنەکانی سندوقی دراو بۆ هەریەك لەخەڵك و وولاّتانی جیهانی سێیەم بریتیە لە نەگبەتی. بادانەوە بەلای (هەناردەوە) بە واتای هاندانی جوتیارانە بۆ بەرهەمهێنانی تەنیا یەك بەرهەم کە بە ئاسانی و هەرزان دروێنە بکرێت، بۆ ئەوەی پێویستی کۆمپانیا هەرە گەورەکان پڕبکاتەوە. ئەم تاکە بەرهەمە زیاتر لەوە دەچیٚ کە ڤایرۆسی ڕووەك و جرۆجانەوەر بە ناو دەغلّدا بلأوببێتەوە و لە ناوی ببات.

ئەمە هەلی بە کارهێنانی پەینی ئاژەڵی هەرزان کەمتر دەکاتەوە و لە گەل ویستی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان پیشەسازی کشتوکاڵی وەکو "مۆنساتۆ" دا یەکدەگرێتەوە، بۆ فرۆشتنی هەرچی زیاتری مەودای بەد فەرو لەناوبەری حەشەرات و تۆو. هەروەها وا لەحکومەت و جوتیارەکان دەکات رووبکەنە ئەو بەرهەمانەی کە لە ڕووی بۆ ماوەزانی (جینی)ەوە چاککراون. بەلاّم ناتەواوی و ونکردنی سروشتی بەرهەمە چاککراوەکان بەواتای هاتنە ئارای زیانی لابەلایە، بۆ نموونە زیان

گەیاندن بە بەروبوومەکانی ترو کوشتنی لە ناو بەرە سروشتییەکان کە نەخۆشی و دەردی گیاوگۆل ڕادەگرن.

هەمان ڕێبازگەی تاك بەرهەم بە سەر پیشەسازی گشتیدا سەپێنراوە. فراوانبوونی هەناردەی وولاتانی وەکو ئیکوادۆر، هیندستان و باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا، بە مانای سەرقالبوونی ناوچە کەنارییەکان دێت بە کێلگەی ڕۆبیانەوە. لە گەڵ ئەوەشدا دەبنە هۆی تێکدانی ڕێوشوێنی ژیانی خەڵکانی زۆری ئەو هەرێمانە. ماسیگرە بچووکەکان وردە وردە بەهۆی کەشتیە ماسیگرەکانەوە شوێنیان پێ چۆڵ کرا، کە بۆ کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان ڕاودەکەن.

خەڵکی وولاتانی جیهانی سێیەم هێشتا لەم تاك بەرهەمییە دەسکەوتێکی وایان چنگ نەکەوتووە، تەنانەت لە شێوەی ناردنە دەرەوەشدا سندوقی دراو بانکی جیهانی پاڵەپەستۆ دەخەنە سەر وولاتانی سێیەم بە مەبەستی پەیڕەوکردنی هەمان شێواز. لە بەرئەوەی گەلێ لە وولاتان یەك بابەت وەبەردێنن، بەمەش بڕی ئەو تاکە بەرهەمە زیاد دەکات و نرخیشی دادەبەزێ.

وازیاتر لە دەیەیەك لە تاك وەبەرهێنان لە ئەفریقا تێدەپەڕێ بەبێ زیادبوونی دەسکەوتی هەناردە. خەڵك خێراتر ڕادەکەن بۆ ئەوەی پاشەوپاش بگەڕێنەوە.

لادانەوە بەلای پیشەی هەناردە دا ئاستی پیسبونی بەرگی هەوایی دەوری زەوی بەرزتر دەکاتەوە، هەرچەندە سەرچاوەی هەرە گەورەی ئەم کارەساتە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان، کە لە وولاتانی خۆیاندا کار دەکەن وەك ئەمریکا، ژاپۆن و وولاتانی ئەورووپا.

## • هیچ شتێك بە خۆڕایی نییە: تەنانەت چەك و یارمەتیش

سەرۆکی وولاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکان لە بارەی ئەو (یارمەتیانەی) بە وولاتە هەژارەکانی دەدەن گەلێ ڕازو نیاز دەدرکێنن، بەلاّم ئەوەی هەرگیز باسی لێوە ناکەن ئەوەیە کە ئەو (یارمەتیانە) بێ بەرامبەر نین.

سندوقی دراو و بانکی جیهان مەجگەلێکی وادەسەپێنن کە کەمکردنەوەی بودجەی کەرتی گشتی و گۆڕینی بۆ کەرتی تایبەتی لە خۆبگرێ. هەروەها وولاتانی قەرزدەر پێدادەگرن لە سەر (یارمەتی مەرجدار) و بەو پێیەش پارە بەو وولاتە هەژارانە دەدەن کە بەڵێن بدەن شمەك و خزمەتگوزارییان لێبکرن. یەکێك لەو نموونە بەناوبانگانە بەنداوی "پێرگۆ" بوو لە مالیزیا، کە حکومەتی تاتچەر

بڕی 234 ملیۆن پاوەندی پێبەخشی. ئەم پرۆژەیە لە سەر دەستی هەردوو کۆمپانیای بەلفۆربیتی و سیمینتەیشن تەواو بوو (کە کوڕی تاتچەریان کرد بە راوێژکار).

نموونەیەکی تر لەوانە، بەنداوی پلان بۆ داڕێژراوی " ئیلی سوو "ە لە تورکیا. وا بڕیارە ئەم بەنداوە لە ناوچەیەکی ئەرکیۆلۆژی گرنگ دا بنیاد بنرێ، کە بەهۆیەوە 25 هەزار خەڵکی کورد بێ ماڵ و سەرپەنا دەبن، ئەمە جگە لەوەی هەڕەشە لە گەیشتنی ئاو دەکات بۆ سوریا و عێراق. بەو حالەش هێشتا بەگەرمییەوە چاوەڕێی قەرزی حکومەتی نوێی بەریتانیایە.

دانی (یارمەتی ) بە وولاتانی جیهانی سێیەم وابەستەکراوە بەناردنی چەکەوە بۆ ئەو وولاتانە. دانی (یارمەتی) لەلایەن بەریتانیاوە بە پرۆژەی بەنداوی "پیرۆگۆ" ، مەرجی کڕینی چەکی بە بەهای یەك ملیۆنی لە گەڵدا بوو کە دەبێت حکومەتی مالیزیا لە کۆمپانیا بەریتانیەکان بیکڕێ. پرۆگرامی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕوونیکردەوە کە ئەو وولاتانەی بڕی زۆر چەك بەکار دەبەن، دوو ئەوەندە و نیو زیاتر یارمەتی وەردەگرن لە چاو ئەوانەی کەم چەك بە کاردەهێنن.

ساڵانی نەوەدەکان (1990) ئەمریکا دەگەڕا بە دوای ڕێگەیەك دا بۆ بەرزکردنەوەی بڕی قازانجی کۆمپانیا بەرگریەکان، ئەویش بەهاندانی هەناردەی چەکەمەنی . بەو پێیەش لە ماوەی نێوان ساڵانی 1993-1995 دا بەشی ئەمریکا لە فرۆشتنی چەك بە وولاتانی جیهانی سێیەم لە 49% وە بەرز بۆوە بۆ 75% .

نرخی کڕینی چەکەمەنی دەخرێتە سەر ئەو قەرزانەی بە وولاتان دەدرێن، کە ئەمەش بیانوو دەداتە دەست سندوقی دراو و بانکی جیهانی بۆ ئەوەی دەست بخەنە نێو کاروباری وولاتانەوە بۆ چاکسازییکردن لە بونیاد دا. ئاکامی ئەمانەش پاڵ پێوەنانی وولاتە بەرەو شەڕو کڕینی چەکی زیاترە. ئەوە بوو لە ئاکامی ئەم سیاسەتەدا زۆرێك لە وولاتانی وەك ئەنگۆلا، سۆماڵ، کۆنگۆی دیموکراتی، لایبیریا و سیرالیێن پارچە پارچە بوون.

## • کێ لە پشت پەردەوە کارەکان دەبات بەڕێوە؟

لە پشت بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتییەوە دەوڵەمەند و بەهێزەکان هەن. گۆڤاری Forbes لە بڵاوکردنەوەی لیستی دەوڵەمەندە بلیۆنێرەکاندا لە هاوینی 2000 دا دەڵێ :

- ساڵی پار 17 بلیۆنێری نوێ پەیدا بوون، ئێستا کۆی هەموویان دەکاتە 482 کەس.
- 200 دەوڵەمەندی یەکەم بە بڕی 1,1 تریلیۆن دۆلار ماڵ و موڵکیان هەیە. سێ دەوڵەمەندی یەکەم بە قەدە 48 لە وولاتە هەرە هەژارەکانی جیهان سەرمایەیان هەیە.

دەوڵەمەندیی ئەمانە بە هۆی پارەکانیانەوەیە کە لە کۆمپانیا فرەڕەگەزەکاندا خراونەتە کارەوە.

نزیکەی 200 کۆمپانیا لە لایەن (15000) کەسەوە بەڕێوە دەچن، کە کۆی داهاتیان دەکاتە نزیکەی چارەکی داهاتی هەموو جیهان.

کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان کە هی تاکە کەسن، توانایان لە گەڵی وڵاتان بە هێزترە. پێنج کۆمپانیای هەرە گەورە کە لەلایەن 40 کەسەوە بەڕێوە دەچن دەسکەوتیان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەفریکا پێکەوە زیاترە، هاوکات دوو ئەوەندەی باشووری ئاسیاش دەبێ.

ئەم تاکە کەسانە بریاری جیهانگیری دەدەن سەبارەت بەوەی کە چی بەرهەم بهێنرێ و کێ ئیش و کاری هەبێ. پارە لە کوێدا بکەوێتە گەڕەوە و کێ لە هەژاریدا بژی؟!.

168 دانە لەو کۆمپانیایانە تەنیا لە 5 وڵاتی پێشکەوتووی پیشەسازیدان : ئەمریکا، ژاپۆن،فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا و زۆربەی ئەوانی تریش دەکەونە وڵاتانی وەك ئیتالیا و سوید و هۆڵەندا و بەلجیکا و سویسرا وە. ئەمانەش ئەو وڵاتانەن کە سندوقی دراو ، بانکی جیهانی و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییان قۆرغکردووە. کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان توانایەکی بێرادە دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو دامەزراوانە بەویستی وڵاتەکانیان بجولێنەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان ڕێکخراوی جۆر بە جۆریان دامەزراند لە وێنەی ERTI – مێزگردی وڵاتە پیشەسازییە ئەوروپییەکان لە سەرۆکی کۆمپانیا ئەوروپییەکان پێك دێت، (TBD – سەرۆکی هەردوو کەناری دەریای ئەتلەنتیك دەگرێتەوە)، هەروەها ڕێکخراوی wwc کە هەڵمەت دەبات بۆ بەتایبەتیکردنی ئاو لە سەر ئاستی جیهان. هیچ کەسێك لەوانەی ئەو ڕێکخراوانە دەبەن بەڕێوەوە نەهەڵبژێراون و نەلێیان دەپرسرێتەوە لەلایەن ئەو خەڵکەی ئەمانە کاریگەری دەکەنە سەر ژیانیان. ڕێکخراوی ( ژ ) ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێ لە دەسنیشانکردنی نەخشەی کار بۆ ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی.

نەخشەی کاری سندوقی دراو، بانکی جیهانی و ڕێکخراوی بازرگانی کە بەسەر جیهاندا سەپێنراوە، نەخشەکاری کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانە و لە هەمان کاتیشدا نەخشەکاری(200) بلیۆنێرەکان و ئەو چەند هەزار ملیۆنێرەیە کە دەخوازن ئەوانیش ببنە بلیۆنێر. کاتێ هەر یەکێك لەو ڕێکخراوانە باس لە پلانی چاکسازی دەکات، ئەوە باس لە چاکسازییەك دەکات کە لە بەرژەوەندی خاوەن

کۆمپانیاکان و ملیۆنێرەکانن، خۆ کاتیکیش باس لە بازرگانی ئازاد دەکەن، ئەوا مەبەستیان لەوەیە کۆمپانیاکان بەویستی خۆیان بەهەموو وولاّتێکدا بجووڵێنەوە.

ئەم دامەوراوانە هەر خێرا لە ئەفریکا، ئاسیا و ئەمریکای لاتین هاوکار و دەستە و تاقمی خۆیان دۆزییەوە کە دەخوازن ئەوانیش ببن بە بەشێك لە دەوڵەمەند و خواپێداوەکانی دونیا، هەوەك " سۆزان جۆرج" ی بەشداربووی هەڵمەتە نێونەتەوەییەکان دەڵێت : خەمی ئەوان هەر ئەوەیە ببن بە بەشێك لەو کەمینە جیهانگیرەی کە هەمان دەوری هاوکارەکانیان لە نیۆیۆرك و پاریس و لەندەن دەبینن.

## • دەستی شاراوەی پشت سندوقی دراوی نێودەوڵەتی

لایەنگرانی نیولیبرالیزم بانگەشەی سیاسەتی چەسپاندنی ئارامی دەکەن و تەنانەت شانازی بەوەوە دەکەن کە " هیچ دوو وولاّتێك کە پەیوەندییان بە McDonald وە هەبێ هەرگیز بەشەڕ نەهاتوون دژ بە یەکتری " . لە پاڵ ئەمانەشدا ئەو وولاّتانەی دەستیان بەسەر سندوقی دراو و بانکی جیهانی و رێکخراوی بازرگانیدا دەڕوات هەمان ئەو وولاّتانەن کە بەقورسی خۆیان پڕچەك کردووە. هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا گەلێك زیاتر لە وولاّتانی تر گەورەترە. ساڵی 1995 خەرجی ئەم هێزە 270 بلیۆن دۆلار بووە. کە زیاترە لە هەموو قەرزەکانی ئەفریکا کە دەکاتە 200 بلیۆن دۆلار.

هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناتۆدا NATO گەورەترە لە هێزی هاوپەیمانەکانی کە بریتین لە بەریتانیا، ئەلمانیا، فەرەنسا و ئیتالیا. بەلاّم لە گەڵ ئەوەشدا ئەم وولاّتانە هێشتا لە هێزی هەر وولاّتێکی تری دونیا گەورەترن جگە لە چین و رووسیا. ئەم هێزانە لە دەیەی رابردوودا دووجار چوونە شەڕەوە. ساڵی 1991 دژ بە عێراق چوونە شەڕەوە و ساڵی 1999 یش هەڵمەتی بۆمبارانی یۆگۆسلاڤیای پێشوویان دەست پێکرد. ئەو سەرکردانەی ئەم شەڕەیان هەڵگیرساند رایانگەیاند کە ئەوان بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دژ بە دیکتاتۆرە خوێنڕێژەکان دەستیان داوەتە ئەو کارانە.

ئەم وولاّتانە هێشتا بەردەوامن لە بازرگانی کردن لە گەڵ گەلێ رژێمی سەرکوتگەر لە سەراسەریجیهاندا. ساڵانی هەشتاکان 1980 سندوقی دراوبە کۆمەڵە قەرزێك پشتگیری دیکتاتۆرێکی وەك (مۆبۆتۆ)ی سەرۆکی کۆنگۆ-زائیر کرد، تەنها لەبەر ئەوەی هاوپەیمانێکی ئەمریکا بوو، هەرچەندە هەر لە ساڵس 1982 وە دەزانرا کە ئەو قەرزانە راستەخۆ دەچنەوە

گیرفانی سندوق خۆی. خەڵکی ئەم وولاتەش هێشتا چاوەڕێی ئەو رۆژەن کە ئەو قەرزانەیان لێ داوابکرێتەوە.

بەرازیل لە لایەن چەند دیکتاتۆرێکی سەربازی یەك لەدوای یەکەوە تا هەشتاکان بەڕێوە دەبراو، ئەم وولاتەیان گیرۆدەی قەرز و قۆڵەیەکی زۆر کرد. بۆ دانەوەی قەرزەکان ناچاربوون بە درێژایی ساڵانی هەشتا و نەوەدەکان 1980-1990 خومەتگوزارییە خێرخوازییەکان و ئاستی بژێوی و گوزەران دابەزێنن، کاتێکیش سێ ساڵ لەمەوپێش قەیرانی ئابووری روویکردە ئەندەنوسیا، ئیدی پێدانی قەرزی "ژیاندنەوە" بوو بە کاری یەکەمینی سندوقی دراو کە لەسەر دەستی سۆهارتۆی دیکتاتۆر جێبەجێکرا. ئاستی بژێوی نیوەی دانیشتوانی ئەم وولاتە دابەزین بۆ ئاستی ژێر هێڵی هەژاریی، لەکاتێکدا هێشتا ئەمە دادی نەدان و نەبووە مایەی سوکترکردنی مەرجەکانی سندوقی دراو سەبارەت بەو وولاتە.

تا هاوینی ساڵچی 1990 ، سەرکردە رۆژئاواییەکان پشتگیری سەرۆکی عێراق (سەدام حسێن) یان دەکرد. لە ناوەڕاستی نەوەدەکانیشدا 1990 میلۆسۆڤیچیان بە کەسێك دادەنا کە دەتوانن سەوداو مامەڵەی لە گەڵدا بکەن. " تۆماس فریدمان " ی رۆژنامەوانی نزیك لە وەزارەتی دەرەوە هۆکارە گەورەکانی پشت کارە سەربازییەکانی ئەمریکای روونکردەوە کاتێ گوتی : " ماکدۆناڵد بەبێ ماکدۆناڵدی بەرهەمهێنی چەك گەشە ناکات". ئەو هێزە شاراوەیەی ئارامی جیهان رادەگرێ بۆ گەشەکردن پێی دەگوترێ سوپای وولاتە یەکگرتووەکان، هێزە هەواییەکان، دەریاوانی و هێزی دەریایی".

هەر چۆن حکومەتی ئەمریکی هێزی باڵا دەستە لە ناو سندوقی دراو و بانکی جیهانیدا بەهەمان شێوە وەزارەتی بەرگرییەکەی پینتاگۆنیش هێزێکی باڵا دەستی ناو ناتۆیە. ناکرێت لەیەك کاتدا دوو حکومەتی ئەمریکی هەبێت، یەکێکیان بۆ دادۆشینی جیهان لە پێناو بانك و کۆمپانیا فرەرەگەزەکان و ئەویتریشیان بۆ پارێزگاری کردن لە مافەکانی مرۆڤ، بەڵکو تەنها یەك حکومەتی ئەمریکی هەیە کە دامودەزگا نێونەتەوەییە جیاجیاکان بەکاردێنێ بەمەبەستی ئارام راگرتنی جیهان لە بەرژەوەندی کۆمپانیاکانیدا.

لەم نێوەدا هەندێ کات لە نێوان وولاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا کێشمەکێش دێتە ئاراوە، وەك کێشەی نێوان ئەمریکا و دەوڵەتە ئەوروپییەکان سەبارەت بە بازرگانی جیهانی مۆز کە بە "شەڕی مۆز" ناودەبرا. لە ئەفریکاش دیسانەوە لەنێوان ئەو هێزانەی ئەمریکا و ئەوانەی فەرەنسا پشتگیری لێدەکردن ململانێ و ئاژاوە کەوتەوە. بەڵام ئەوانە لەیەك کاتدا لە هەوڵدان بۆ واڵاکردنی جیهان لە بەردەم چەوسانەوەی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکاندا.

ئاکامی ئەمانە ئاشتی و ئارامی نین، بەڵکو شەڕی نەبڕاوەن. شەڕو شۆڕێکی زۆر لەنەوەدەکاندا لە نێوان وولاّتاندا روویاندا (هەندێك لە لایەنگرانی ماكدۆناڵدیش): کرواتیا و سربیا، هیندستان و پاکستان، پیرۆ و ئێکوادۆر، هێزەکانی ناتۆ و یۆگۆسلاڤیا، ئەمە جگە لە شەڕە بەردەوامەکانی ئەفگانستان و چەند بەشێکی کیشوەری ئەفریکا و شەڕی ناوخۆی وولاّتانی سۆڤیەتی جاران.

## • دەتوانین چی بکەین؟

نارِەزایەتی دژ بە سندوقی دراو و بانکی جیهانی گوزارە لە شەڕی دژ بە "جیهانگیریی" و "نیولیبرالیزم" و "یاسا و ڕێسا یەکگرتووەکان و هێزە سنوربەزێنەکان" دەکات. ئەم ناو و ناونیشانانە ووشەی جیاجیان بۆ دوا قۆناغ کە لەڕووی مێژووییەوە پێی دەگوترێ سەرمایەداری. سەرمایەداری کۆمەڵگەیەکە کە کەمینەیەکی بچووك هۆکارەکانی ژیان و گوزەرانی کۆمەلاّنێکی بەرفراوانی خەڵك دەبەن بۆ خۆیان. لەسەراسەری جیهاندا چینی سەردەست (چینی فەرمانڕەوا) هەوڵدەدات هەموو ڕووکارەکانی ژیانمان بخاتە ژێردەستی خۆیەوە.(خواوەند)ی ئەوان قازانجە. هەموو شتێ کە لەم ژینگەیەدا ژیانی ئێمەی پێوە بەندە ئەوان گۆڕیویانە بۆ کالاّ و کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکەن.

ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر چەوسانەوە پێکهاتووە کە تێیدا زۆرینە هێز و توانایان دەخەنە کارەوە بۆ ئەوەی بژین.

سەرمایەداری لە پارچەیەکی ئەورووپای ڕۆژئاوا سەریهەڵدا، بەلاّم ئەمڕۆ بۆتە سیستمێکی جیهانگیر کە چزووی گەیاندۆتە کرێکارانی شار و هەژارانی لادێنشین، هەر لە ڕۆژهەلاّتەوە تا ڕۆژئاوا و لە باشوورەوە تا باکوور. ئەوەی پێی دەگوترێت گلۆبالیزم یان نیولیبرالیزم هەوڵی چینە سەردەستەکانە بۆ سەپاندنی نیازەکانیان بەسەر هەموو بستێکی ئەم جیهانەدا و ئیتر کون و قوژبنێك نەمێنێ ورێنەی قازانجکردن نەیگرێتەوە. ئەوان دەیانەوێ هەموو جیهان وابێ کە بفرۆشرێ.

هەرچۆنێ بێ ئەوانی ناتوانن هەمیشە بەرێی خۆیاندا برۆن. خودی تالاّن وبرۆی خۆیان ڕێگە خۆش دەکات بۆ بەرپەرچدانەوەی خەڵك.نارەزایەتییە دژی سەرمایەدارییە مەزنەکانی چەند ساڵی رابردوو دەریانخست کە چیتر خەڵك بڕیارەکانی سندوقی دراو، بانکی جیهانی و ڕێکخراوی بازرگانی و ئابووریناسە نیولیبراڵەکان پەسەند ناکەن.

ناڕەزایەتییەکانی سیاتڵ، لەندەن، واشنتۆن، میلاو لە فەڕەنسا و شوێنەکانی تر بوونە جێگەی سەرنجی ملیۆن کەس. وایان لە خەڵك کرد بەڕوونی پەیوەندی نێوان کێشەگەلی وەکو قەرز و پیسبوونی ژینگە و بەتایبەتیکردنی خزمەتگوزارییەکان و نەبوونی کارو فرۆفیلی ئاسانکردنی کار ببینن.

هەندێکات ململانێکان لە پانتاییەکی تەسکدان وەکو ناڕەزایەتی خەڵك دژ بە تایبەتیکردنی خانووبەرەن کەمکردنەوەی دەستەی کارمەندانی خوێندنگاکان بۆ چەند مامۆستایەك، هەوڵی لابردنی پشووی چا خواردنەوە و یان سەپاندنی کرێی زۆری خوێندنی خوێندکاران.

## جیهانی ئاو

ناڕەزاییەکانی پۆلیڤیا گۆڕینی ئاوی بۆ کەرتی تایبەت راگرت کە بڕیار بوو لە لایەن کۆمپانیای فرەڕەگەزی "بێچتیل"ەوە ئەنجام بدرێ.

ڕێکخەری ناڕەزاییەکان "ئۆسکار ئۆلیڤێرا"ڕایگەیاند کە شتێك تەنیا بەدەستمانەوە ماوە هەواو ئاوە. جاران بەلامانەوە گران بوو بەربەرەکانێی بانکی جیهانی و حکومەتەکەمان بکەین، بەڵام ئێستا ترسمان نەماوە و ئێمەی هەژاران شەڕی ئەم کۆمپانیا زەبەلاحەمان بەرێوەبرد.

بەلام ه[illegible] سا
ساڵی 5[illegible] تی
نیولیبرالی "ژۆپی" یان لاواز کرد و پاش چەند مانگێك بە هۆی هەڵبژاردنەوە حکومەتی دۆڕاند.

ساڵی 2000 لە ئێکوادۆر، هاولاتیان و کرێکاران، سەرۆکی وولاتیان لە کورسی فەرمانڕەوایی هێنایە خوارێ. لە گواتیمالاش هەمان شت روویدا، کاتێ خۆپیشاندەران پایتەختیان لە ئەنجامی بەرزکردنەوەی نرخی هاتوچۆی پاسەوە هەژاند و لەلایەن حکومەتەوە بەرپەرچدرانەوە، هەروەها لە نێجیریا و ئەرژەنتینیش چەند مانگرتنێکی گشتی ئەنجام دران.

ئەگەر ئێمە بەراستی بمانەوێ ململانێی سندوقی دراو و، بانکی جیهانی و رێکخراوی بازرگانی و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان بکەین کە لە پشتیانەوەن، ئەوا دەبێ لە خۆپیشاندانەوە دەستپێبکەین و بەرەو بنیاتنانی بزووتنەوەیەك کە هەموو تێکۆشان و ململانێ جیاجیاکان پێکەوە گرێبدات.

تێکۆشان تەنیا لە شەقامەکاندا بەرێوەناچێ، بەڵکو لە شوێنی ژیان و ئەو شوێنانەشدا ئەنجامدەدرێ کە تیایاندا رەنجدەکێشین:لە پێناو پێکهێنانی ئەو موڵك و ماڵەی سیستمی سەرمایەداری بەرێوە دەبات.

ئەم بیرۆکەی پێکەوە گرێدانەی تێکۆشانە ئەوەیە کە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان بە درێژایی مێژووی ئەم سیستمە هەوڵیان بۆ داوە. لەو کاتەوە سەرمایەداری جڵەوی بە دەستەوەیە، خەڵك راپەریون بۆ بەربەرەکنێی دەسەڵات و سۆسیالیستەکانیش خەبات دەکەن لە پێناوی رێکخستنیاندا. لە دوا قۆناغی ئەو سیستەمەدا کە جیهانگیرییە، خەباتی سەرتاسەری و جیهانی لە هەموو کاتێکی تر پێویست ترە.

پەیوەندیمان پێوە بکەن بۆ تێکۆشان دژ بەسروشتی نامرۆڤانەی ئەم سیستەمە، لە پێناو خەباتێکی بەردەوام.

## دەربارەی نووسەر

کریس هەرمان Chris Harman یەکێکە لە سەرکردەکانی "حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست- بەریتانیا Socialist Workers party- Britain " بۆ ماوەی چەندین ساڵ سەرنووسەری رۆژنامەی "کرێکاری سۆسیالیست" بوو تا ساڵی 2004 ، ئێستاش سەرنووسەری گۆڤاری وەرزی تیوری یە بە ناوی "سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیونالی" INTERNATIONAL SOCIALISM خاوەنی دەیان پەرتووك چەندین نامیلکە و هەزارەها وتاری جۆراو جۆرە. نووسراوەکانی بۆ چەندین زمانی دونیا وەرگێردراون بۆ نموونە فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانی، هۆڵەندی، فلەندی، تورکی، عەرەبی ...هتد. بۆ بینین و پەیدا کردنی بەرهەمەکانی نووسەر دەتوانی سەردانی ئەم کتێبخانەیە بکەیت :

WWW.BOOKMARKS.UKCOM

BOOKMARKS
THE SOCIALIST BOOKSHOP